# هەڵەی هەرزەکارانەی نەوجەوانێک چەند خێزان تووشی کێشەی گەورە دەکات

**دوو هاوڕێی زۆر ئازیزم یەکیان خۆی کوشت و باری دەروونیی ئەوەی دیکەشیان بەتەواوی تێک چووە**

**کاتێک بەها ئەخلاقی و ئایینییەکان پشتگوێ دەخرێن، کارەسات و تاوان و هەڵەی گەورە روو دەدەن**

**دەبێت دایک و باوکان زیاتر ئاگاداری منداڵی هەرزەکاریان بن و زۆر پێویستە هەوڵ بدەن لە پەروەردەی دروستیان خافڵ نەبن**

کراس و تەنوورەیەکی رەشی لە بەردایە و بە چاوێکی پڕ فرمێسك و لە ناو هەنیسکی گریاندا دەڵێت: «دوو هاوڕێی زۆر ئازیزم هەبوو، یەکیان خۆی کوشت و باری دەروونیی ئەوەی دیکەشیان تێك چووە.» خۆی بە شیلان دەناسێت و، لە بارەی هۆکار و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو رووداوانە دەڵێت: «ئێمە سێ هاوڕێ و دەستە خوشك بووین. من و سارا و تریفە، هاوپۆل بووین. من هەمیشە باوکم دەیبردم بۆ قوتابخانە، سارا و تریفەشماڵیان لە یەك گەڕەك بوو، پێکەوە دەهاتن بۆ قوتابخانە و پێکەوەش دەگەڕانەوە. ئەو کات قوتابیی پۆلی ١٢ ی وێژەیی بووین، وەك باسم کرد، سارا رۆژانە لەگەڵ تریفەی دەستەخوشکی بە یەکەوە بۆ قوتابخانە دەچوون، رۆژێکی باراناویی زستانی پار، کوڕە پوورێکی تریفە بە ئۆتۆمبێل هەردووکیان بۆ قوتابخانە دەبات، هەر ئەو رۆژە کوڕە سەرنجی سارا بۆ لای خۆی رادەکێشێت و، دوای چەند رۆژێك لەسەر داوای کوڕەکە دوور لە چاوانی تریفە، دەبن بە خۆشەویستی یەکتر، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بە سەر پەیوەندییەکەیاندا، من بە سارام گوت، کەسێکی شیاوت بۆ داهاتووی خۆت هەڵنەبژاردووە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ کچانی دیکە بینیبووم. سەرەتا بڕوای نەکرد، دواتر بۆی ئاشکرا بوو، بۆیە راشکاوانە قسەی لەگەڵ کوڕەکە کرد و، پەیوەندییەکەیانی پچڕاند، بەڵام کوڕە هەر رۆژە و بە بیانوویەك ئازاری دەروونیی سارای دەدا و هەڕەشەی ئاشکراکردنی پەیوەندییەکەی دەکرد، ساراش نەدەوێرا لە ماڵەوە باسی بکات، چونکە باوك و براکانی دەیانکوشت، هەر ئەو هۆکارەش وای کردبوو کوڕە زیاتر ئیستیغلالی بکات، دواجار کوڕە خۆی دەکاتە فریشتە و پەشیمانی خۆی بۆ دەردەبڕێت و داوای بینینی لێ دەکات، بۆ ئەوەی داوای لێبووردنی لێ بکات، بەڵام سارا باوەڕی بە قسەکانی نەکرد، کەچی لە ترسی هەڕەشەکانی پێشووی رازی بوو بۆ بینینی بچێت، لەو لاوەش کوڕەکە ماڵی برا گەورەکەی دەستنیشان کرد، کە ئەوان ئەو رۆژە لە ماڵ نەبوون، ئەو بە بیانووی مزەخە هەڵکردن و تانکی پڕکردن کلیلەکانی وەرگرتبوو، ماڵی براکەشی لە نزیك ماڵی باوکی بوو، لە ژێرەوەش لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی رێککەوتبوون، دوای هاتنی سارا بۆ ئەو ماڵە چۆڵە وەك تۆڵەسەندنەوەیەك دەستدرێژیی بکەنە سەر، بەڵام سارا پەشیمان دەبێتەوە و ئەو رۆژە ناچێت بۆ ئەوێ، دوو هاوڕێکەش خۆیان لە ماڵەکەدا مەلاس دابوو، چاوەڕێی نێچیرەکەیان دەکرد، لەولاوەش باوکی کوڕە لەدواکەوتنی کوڕەکەی نیگەران دەبێت و کچە تەمەن ١٦ ساڵانەکەی رادەسپێرێت، تابچێت بە شوێن براکەیدا بۆ ئەوەی بێتەوە، نانی نیوەڕۆ بخۆن. کاتێك کچەکە دەگاتە ئەوێ، یەك لە کوڕەکان دەرگای بۆ دەکاتەوە و دەڵی کەریم لە کوێیە؟ ئەویش دەڵی لە ژوورەوەیە، کچەش دەڵێ بانگی بکە، کوڕەش دەڵێ لە سەربانە خۆت بڕۆ بانگی بکە. کاتێك کچەکە دەگاتە سەر قاندرمەکان، دەرگای لەسەر دادەخەن و دوو کەس دەستدرێژ دەکەنە سەر و وادەزانن سارایە، کێشەکە دەگاتە لای پۆلیس و هەر سێ کوڕەکە دەستگیر دەکرێن، هەڕەشە ترسناکەکانی کوڕەکە لە زیندان سارا بە تەواوی نائومێد دەکات، بۆیە خراپترین بژاری ژیانی هەڵدەبژێرێت و ئاگر لەخۆی بەردەدات و، دوای مانەوەی



**گەنج و لاو سامانی گەورەی هەر نەتەوەیەکن و چارەنووسی وڵاتیان دیاری دەکەن. بۆیە جێگەی بایەخ و گرینگیپێدانن و پێویستە لە پەروەدەکردنیاندا کەمتەرخەمی نەکرێت، لە بەر ئەوەی ئەگەر بەلارێدا بڕۆن، گرفتی گەورە بۆ خۆیان و کۆمەڵگەش دروست دەکەن. کچێك بەسەرهاتی دڵتەزێنی دەستە خوشك و هاوڕێیەکی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە، داواش لە کوڕان و کچانی نەوجەوان دەکات، پەندی لێ وەربگرن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

چەند رۆژێك لە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات. «

هێمن سەعید توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەبارەت بەو رووداوانە دەڵێت: «هەمیشە وابووە، کاتێك بەها ئەخلاقی و ئایینییەکان پشتگوێ دەخرێن، کارەسات و تاوان و هەڵەی گەورە روو دەدەن. هەڵەی گەنجێکی لە خوانەترس وای کرد، خوشکەکەی خۆی بکاتە قوربانی و کچێکی بێ تاوانیش پەنا بۆ خۆسووتاندن ببات. هەر چەند سارا دەیتوانی بە ئومێدەوە بژی، بەتایبەتی کە هیچ تاوانێکی نەکردبوو، تەنانەت فریویشی نەخوارد و خۆی لەو هەرزەکارە نامەردە و هاوڕێ ناکەسەکانی دوور خستەوە. بەڵام کە تاوانەکە رووی دا، دەبینین خێزانێك رەشپۆش بووە و کچێکی بێ تاوانیان لە دەست داوە، خێزانێك کوڕێکی لە زیندانە و کچێکیان بە تەواوی باری دەروونی تێکچووە، دوو خێزانی دیکەش هەر یەکەو کوڕێکیان زیندانی کراون. واتە هەڵەی هەرزەکارێك چەند خێزانی تووشی شۆك و کێشەی گەورە کردووە. بۆیە زۆر پێویستە باوان زیاتر ئاگاداری منداڵی هەرزەکاریان ببن و بە هەموو شێوەیەك دەبێت هەوڵ بدەن لە پەروەردەی دروستیان خافڵ نەبن».



# گۆڕێکی بەکۆمەڵی دایکانی ئێزدی لە شنگال هەڵدەدرێتەوە

**ئەگەرچی هێشتا دەیان گۆڕی بەکۆمەڵی ئێزدییەکان هەڵنەدراونەتەوە و، چەندین ئافرەت و منداڵی ئێزدی چارەنووسیان بە نادیاری ماوەتەوە، ژمارەیەکی زۆریشیان لە کەمپەکان ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵ بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال، ڕەنگە سەرەتایەك بێت بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی ناوچەکە و گەڕانەوەی خەڵکی ڕەسەنی شنگال بۆ زێدی خۆیان. لەئێستاشدا گۆڕێکی بەکۆمەڵی دایکانی ئێزدیی لە شنگال هەڵدراوەتەوە، کە هەموویان خەڵکی گوندی کۆجۆن. رووفاتی نزیکەی ٧٨ ئافرەتی کوردی ئێزدی بە تەمەن لەو گۆڕەدان کە لەلایەن چەکدارانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ کۆمەڵکوژ کراون، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی زیاتریان بۆ بابەتەکە هەیە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سەرەتا د. ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، لەئاخافتنێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان ڕاگەیاند: «دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی دایکانی ئێزدی لە گوندی کۆجۆ برینی جینۆسایدی ئێزدییەکانی لەدڵی کوردستان هێنایەوە سۆ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە بێدەنگییان هەڵبژارد و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانەیان بە تیرۆریست و مرۆڤکوژ نەناساند، دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتی. گەلی کوردستان یەکێکە لەو گەلانەی کە زۆرترین تاوانی بەرامبەر کراوە و زۆرترین ئاسەواری تاوان و کۆمەڵکوژی لەسەر خاکەکەی بەڵگەی قوربانیدان و خۆڕاگری و ئاشتیخوازیی ئەم گەلە و دڕندەیی و سامناکیی دوژمنەکانین، هەرگیزیش لە مێژوودا گەلی کورد دەستدرێژیکار نەبووە، بەڵکو بەردەوام بەرگریکار و پارێزگاری خاکەکەی بووە.»

سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە «قوربانیانی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە کە سەرجەمیان دایکەکانن، مۆری دڕندەیی و بەربەری دەدا لەناوچاوانی ئەو هێزە هاودژە لەگەڵ پرەنسیپی پارێزگاریکردن لەژیان کە داهێنانی کرد لە دۆزینەوەی فۆرمەکانی توندوتیژی و دڕندەیی بە بەرچاوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سەردەمی پاش مۆدێرنە و جاڕدانی ژینی مرۆڤانەتر بۆ مرۆڤەکان.» پێویستە دۆزینەوەی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵە هۆکارێك بێت بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەو تاوانەی بەرامبەر ئێزدییەکان کرا و زیانلێکەوتوان قەرەبوو بکرێنەوە، گوتیشی: «یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان خۆشحاڵە بە ڕێککەوتننامەی شنگال لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و پێمانوایە ئەو ڕێککەوتننامەیە ئاسۆی چارەسەر و ئاساییبوونەوەی بارودۆخی شنگال و گێڕانەوەی ئاسایش و ئارامی بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە ئازیزەی کوردستان کردووەتەوە و، هیوای گەڕاندوەتەوە بۆ هاونیشتمانیانی شنگال و گشت کوردستان و هیواداریــن هەرچی زووتره بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.»

حسێن قاسم حەسون پسپۆڕ لە تاوانی جینۆساید و ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم، سەرەتا سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکات بۆ ئەو گرنگی پێدانەی بە کوردانی ئێزیدی و هاوکات دەڵێت: «دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کوردانی ئێزیدی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە میللەتی کورد بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دوچاری جینۆساید و کۆمەڵکوژی بووە. بەخۆشحاڵییەوە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بەتایبەت سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە ئێستا و لە ڕابردووشدا هەوڵیان بۆ ئەوە داوە کە کەیسی شنگال بکرێتە کەیسێکی نێودەوڵەتی، هاوکات کاك نێچیرڤان بارزانی کە سەرۆکی حکومەت بوو، ئۆفیسێکی لەشاری دهۆك دانا بۆ ڕزگارکردنی کچان و ژنانی ئێزیدی لە ژێر دەستی داعش، تا ئێستا زیاتر لە ٣٣٥٠ ئافرەت لەدەستی داعش ڕزگارکراون، زیاتر لە ٢٨٨٠ ڕفێنراویش لەدەستی داعشدا ماون و هێشتا دەستی ڕزگارکردنیان پێ نەگەیشتووە، زیاتر لە ٨٠ گۆڕی بەکۆمەڵیش دۆزراونەتەوە، ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کە پسپۆڕە لەهەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان».

هەر سەبارەت بە دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان زیاتر گوتی: «لەرێگەی شایەتحاڵەکان شوێنەکانمان دەستنیشان کرد، هەتا ئێستا ٣٤٥ روفات لە ١٧ گۆڕی بەکۆمەڵ دەرهێندراون، نزیکەی ١٠٠ رووفات لەرێگەی وەرگرتنی سامپڵ و دی ئێن ئەی ناسراون، کە کارەکان تەواو بوون، رووفاتەکان دەدەینەوە کەسوکارەکەیان و لە چوارچێوەی عورفی دینی لە گۆڕستانێکی تایبەت دەنێژرێن.» گوتیشی: «لەساڵی ٢٠١٧ ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ٢٣/٧٩ ی دەرکرد، ئەویش بۆ دامەزراندنی لیژنەیەکی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکان بە مەبەستی گەیاندنی تاوانەکانی داعش بە دادگا، تاوانەکان کە بریتین لەتاوانی جینۆساید، تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ. جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی بە دامەزراندنی ئەو لیژنەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زۆر خۆشحاڵ بوو، لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکە لەپەیوەندیدایە بۆ ئەوەی کارەکان بە ئاراستەیەکی باشدا بڕۆن و هاوکات هاوکاری زۆری لیژنەکەش دەکات، ئەوە یەکەم جارە لیژنەیەکی دوەلیی پسپۆڕ و شارەزا بێت و هەوڵی کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوانی وەحشیگەریی داعش دژ بە کورد بدات»، سەبارەت بە گۆڕی بەکۆمەڵی دایکانی ئێزیدییش گوتی: « پێشبینی دەکرێت ٧٨ ئافرەت بن، بەڵام ڕەگە کەمتر یان زیاتر بن، ئەو ئافرەتانە دانیشتووانی گوندی کۆجۆ بوون، لە ١٥ ی ئابی ساڵی ٢٠١٤ لەئافرەتە گەنجەکان جیادەکرێنەوە، داعش پێیوابووە ئەو ئافرەتانە بۆ بازرگانی سێکسی و سوق سەبایە بە کەڵك نایەن، پێیانوابوو مانەوەی ئەو ئافرەتانە بۆ ئەوان دەبنە بارگرانی، لەبەر ئەوە هەموویان دەکوژن و دەیانخەنە ناو گۆڕێکی بەکۆمەڵ، ئافرەتەکان تەمەنیان لە سەرووی ٤٠ ساڵی بوون، لەناویاندا ئافرەتی ٨٠ ساڵ و ٩٠ ساڵیش هەبوون.» گوتیشی: «بەهۆی کۆکردنەوەی بەڵگەکان دەتوانین لەرێگەی دادگاوە خزمەتێکی بچووك پێشکەشی کوردانی ئێزیدیی شنگال بکەین، دادگا سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە ناچار دەکات، داوای لێبووردن لەکەسوکاری قوربانیان و لەو هاووڵاتییانە بکات کە بە دەستی داعش ئازار دراون، دووەم شت قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و کەسوکاری قوربانیانە، سێیەم هەنگاونان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی قوربانیان و ڕێگریکردن لەدووبارە بوونەوەی تاوان و توندوتیژییەکانە.»

لە سێی ئابی ٢٠١٤دا، تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر شنگال و بەم هۆیەوە زیاتر لە ٣٦٠ هەزار ئێزدی ئاوارە بوون، ٦٧ مەزاری ئێزدییان تەقێندرانەوە، ڕفاندنی زیاتر لە سێ هەزار کچ و ژن و منداڵ، لەئەنجامی برسییەتی و تینوویەتی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە پیر و ئافرەت و منداڵ گیانیان لەدەست دا.

١٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ هێزەکانی پێشمەرگە، بە سەرپەرشتیی ڕاستەخۆی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان، سەرۆك مسعود بارزانی و پاڵپشتیی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانێتی ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال دەستپێکرد و لەشەو و ڕۆژێکدا، شنگال کۆنترۆڵ کرایەوە و دواتر سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر چیای شنگال لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییدا، ئازادکردنی شنگالی ڕاگەیاند.

لە ٩ی ئەیلولی ٢٠٢٠، گوتەبێژی حکومەتی عێراق، ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە بارەی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و گەڕاندنەوەی سەقامگیریی بۆ شارەکە ڕاگەیاند.

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە ئێستا و لە ڕابردووشدا هەوڵیان بۆ ئەوە داوە کە کەیسی شنگال بکرێتە کەیسێکی نێودەوڵەتی**

**تا ئێستا زیاتر لە ٣٣٥٠ ئافرەت لەدەستی داعش ڕزگارکراون، زیاتر لە ٢٨٨٠ ڕفێنراویش لەدەستی داعشدا ماون و هێشتا دەستی ڕزگارکردنیان پێ نەگەیشتووە، زیاتر لە ٨٠ گۆڕی بەکۆمەڵیش دۆزراونەتەوە**

**داعش پێیوابووە ئەو ئافرەتانە بۆ بازرگانی سێکسی و سوق سەبایە بە کەڵك نایەن، پێیانوابوو مانەوەی ئەو ئافرەتانە بۆ ئەوان دەبنە بارگرانی، لەبەر ئەوە هەموویان دەکوژن و دەیانخەنە ناو گۆڕێکی بەکۆمەڵ**

# کێشە کۆمەڵایەتییەکان پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوەی بەپەلە هەیە

**هەڵکشانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەیان پرسیاری دروست کردووە، لەوانە: ئایا هۆکارە ریشەییەکانی ئەم کێشانە چین؟ لە کۆمەڵگەی کوردیدا تاچەند ئاسایشی خێزان پارێزراوە؟ پێویستە چی بکرێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپ و زیانبەخشەکانی ئەو گرفتانە و هەروەها ئایا پەتای کۆرۆنا تا چەند کێشەی کۆمەڵایەتی زیاتر زەق کردۆتەوە؟ ئایا پەتای کۆرۆنا هیچ لایەنێکی ئەرێنی و باشی هەبووە لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی کە بکرێت ئاماژەی پێ بکرێت؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە هەن، کە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامیان داوەتەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بوون و، لەگەڵ گرفتە ئابوورییەکانیش زۆرتر دەبن، چونکە نەبوونی و هەژاری سەرچاوەیەکی بەهێزی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە**

**کاتێک خێزان بە ناچاری لەبەریەک هەڵوەشاوەتەوە، ئەوکات کێشەکان لە نێو خێزانەوە بۆ ناو کۆمەڵگە دزە دەکات و، کۆمەڵگەش تووشی گرفت و ناخۆشی دەکات**

دەروونزان یوسف عوسمان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کاتێك باس لە کۆمەڵگەی کوردی دەکەین، دەبێ بزانین ئایا ئاسایشی تاك و خێزان و کۆمەڵگە پارێزراوە؟ کۆمەڵگەی کوردی لەناو کۆمەڵێك قەیراندایە، لەوانە قەیرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەوانەش وادەکەن کۆمەڵگەیەکی ئاکاری دروست ببێت و شوناسی دیار نەبێت.»، گوتیشی: «کۆمەڵگەی کوردی لە ژێر فشارێکی زۆردا دەژی و هیچ ئامانجێکی رۆشنی بۆ ئایندە نییە، تەنانەت جۆرێك لە سەرلێشێواوی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگە بەدی دەکرێت، تاکەکان دابەشی سەر دوو گرووپ بوون، نەوەی کۆن تا ئاستێك خۆی لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگە گونجاندووە و شانازی بە رابردووی خۆی دەکات، بەڵام نەوەی نوێ کە لە رابردوودا نەژیاوە، بەڵکو هیچ بەرنامەیەکیشی بۆ داهاتووی خۆی نییە، ئەو نەوەیەکی تەنیایە و بە جۆرێك لەجۆرەکان رووتەڵە کراوە لەهەموو سۆز و خۆشەویستییەك و هەموو پەیوەست بوونێکی کۆمەڵایەتی و خۆی بە بەشێك لەئامێرە ئەلیکترۆنییەکان داناوە و هاوڕێی راستەقینەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانە، هاوکات هاتنی پەتای کۆرۆنا هەموو سیستەمەکانی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لاواز کرد، تا رادەی هەڵوەشانەوە و تەنانەت مرۆڤی گۆشەگیر کرد، ئەو پەتایە جگە لەوەی مەترسیی تەندروستیی خستە ناو کۆمەڵگە، دڵەڕاوکێشی بەدوای خۆیدا هێنا و خەڵك پەرۆشی ئەوەیە کە کەی کۆتایی دێت و ژیان ئاسایی دەبێتەوە». ئەو دوروونناسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ژیانی پێش کۆرۆنا لەهەموو سێکتەرەکان جیاواز تر بوو، لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خوێندن و پەروەردەش، لێرەوە پێویستە حکومەت لە هەوڵی ئەوەدا بێت کە ئاسایشی خێزان بپارێزێت و تاکەکان هەست بە دڵنیایی بکەن، ئەویش لە رێگەی چاککردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی تاك و بەرامبەرکردنی ئەرك و ماف و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگە، هەموو ئەوانە باشترین دڵنیایین و ئەوکات تاك لە کۆمەڵگەیەکی تەندروست نیشتمان بە نیشتمانی خۆی دەزانێت، کۆمەڵگەش لە رێگەی پاراستنی ئاسایشی تاك تەندروست و بێ گرفت دەبێت.»

رەحمان عەلی ماستەر لە کۆمەڵناسی پەروەردەیی، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە ئێستادا کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بوون و، لەگەڵ گرفتە



ئابوورییەکانیش زۆرتر دەبن، چونکە نەبوونی و هەژاری سەرچاوەیەکی بەهێزی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە.»
هاوکات دەڵێت: «هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەخێزانەوە سەرچاوە دەگرن، کاتێك خێزان رووبەڕووی کێشە بوویەوە و، کاتێك خێزان بە ناچاری لەبەریەك هەڵوەشایەوە، ئەوکات کێشەکان لە نێو خێزانەوە بۆ ناو کۆمەڵگە دزە دەکات و، کۆمەڵگەش تووشی گرفت و ناخۆشی دەکات، هەرکاتێکیش کۆمەڵگە کێشەی تێکەوت، جارێکی دیکە گرفتە خێزانییەکان زیاد دەبن، گەورەترین کێشەی کۆمەڵگەش کێشەی پەروەردەییە و لەکوردستاندا تەنیا لایەنی فێرکردن وەرگیراوە و لایەنی پەروەردەیی فەرامۆش کراوە، لە ئێستاشدا بەهۆی پەتای کۆرۆنا و باری سەختی ئابووری کێشە کۆمەڵەیەتییەکان زۆر زیاد بووە، هەرچەندە کۆرۆنا لەسەرەتای پەیدابوونی و لەکاتی کەرەنتینە خزمەتێکی گەورەی کۆمەڵایەتی پێشکەش بە خێزانەکان کرد و توانی تێکڕای ئەندامانی خێزان لە ماڵێك و لەسەر سفرەیەك کۆبکاتەوە.»
کۆمەڵناس رووخۆش ئەمین، رای وایە: «کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن و ناتوانرێ لە چەند دێرێکدا ئاماژەیان پێ بکرێت، بەداخەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەستی بەرپرسیارێتی تاك زۆر لاوازە و لای هەندێك کەس هەستێکی نامۆ و نەناسراوە، ئەوەش بۆ نزمیی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیریی تاکەکان دەگەڕێتەوە، لەئێستا هۆکارەکانی پشت سەرهەڵدانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن و لە هەموویان زیاتر خراپیی باری ئابووریی خێزانەکانە، کە ئەمڕۆ بەهۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بێ مووچەیی داهاتی تاك زۆر کەم بۆتەوە، هەژاری لەنێو هەندێك خێزان گەیشتۆتە ئاستی دروستبوونی گرفتی گەورە و تەنانەت جیابوونەوەی هاوسەران و تێکچوونی شیرازەی خێزان و پەرتەوازەبوونی منداڵ، ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کە حکومەت و لایەنە بەرپرسەکان ئاوڕی جددی و بەپەلەی لێ بدەنەوە.»
گوتیشی: «سەرەڕای هەموو ئەو گرفتانەی کە هەن، پابەندنەبوونی تاك بە رێنماییە خۆپارێزییەکان گرفتێکی گەورەی ئەمڕۆمانە، بەداخەوە دەبینین تێکەڵاویی خەڵك زۆر زۆرە، لێرە و لەوێ ئاهەنگگێڕان و پرسەدانان لەناو ماڵەکان و هاتوچۆی نێو خێزانەکان و سەردانیکردنی نەخۆش و چوونە سەیرانگای بەکۆمەڵ دەبینین، هەموو ئەوانە زەنگێکی مەترسیدارن و دواجار بەخۆمان باجەکەی زۆر بە خراپی دەدەینەوە. »

**گەورەترین کێشەی کۆمەڵگەش کێشەی پەروەردەییە و لەکوردستاندا تەنیا لایەنی فێرکردن وەرگیراوە و لایەنی پەروەردەیی فەرامۆش کراوە**

**هاتنی پەتای کۆرۆنا هەموو سیستەمەکانی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لاواز کرد، تا رادەی هەڵوەشانەوە و تەنانەت مرۆڤی گۆشەگیر کرد**